# بازی بێریان..

## تابلۆیەک لە ژیان و کولتووری کوردەواری

لەم رۆژانەدا خاتوو شنۆ شواری، کە خەریکی خوێندن و ئامادەکردنی نامەی ماستەرە، رووی لێ نام کە لەسەر لایەنێکی کولتووری کوردەواری را و سەرنجی خۆمی پێ بڵێم، چونکە نامەکەی تایبەت کردووە بەم لایەنە جوانەی ژیانی کوردەواری، ئەویش بابەتی (بێرکردن) و بازی بێریانە لەناو کوردەواریدا. سەرەتا دەستخۆشی لەو خاتوونە بەرێزە دەکەم بۆ گرنگیدانی بەم لایەنەی ژیان و کولتووری کوردەواری، کە هەڵبەتە لە رۆژگاری زووەوە تا ئێستاکەش بەشێکی بەرچاوی گوندنشینان و ئاژەڵداران لەسەر هەمان رێچکەی جاران پەیڕەوی ئەو کولتوورە دەکەن.

بێرکردن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، کە کۆمەڵگەیەکی شوانکارە و کشتوکاڵی بووە، بریتی بووە لە هێنانەوەی مێگەلی مەڕ و بزن بۆ نزیکترین شوێنی ماڵ و دۆشینی شیریان، بۆ دروستکردنی ماست و پەنیر و ژاژی و شیرێژ و کەشک و دۆ و رۆن، ئەویش بە شێوەیەک کە مێگەلەکە لەناو چەپەرێک دەکران و لە زارکی چەپەرەکە شوانکارێک لەسەر بەردێک و لە بەرامبەریدا بێریوان لەسەر بەردێک دادەنیشت، شوانکارەکە بە دەست و قۆڵی سەری بزن یان مەڕێکی دەگرت و لای گوانەکانیشی دەکەوتە بەردەم بێریوانی مەڕدۆش و ئەویش بە دەست و پەنجەکانی شیرەکەی لێ دەدۆشی و بڕێکیشی بۆ کار، یان بەرخەکەی دەهێشتەوە، ئەگەر هەیبا، دەنا هەمووی لێ دەدۆشی، ئینجا شیرەکەیان دەهێنایەوە ماڵێ و سەر ئاگریان دەنا و بڕێک هەوێنیان لەگەڵ دەکرد و دەیانکولاند و ئەوەی مەبەستیان بوایە لە ماست و پەنیر و شیرێژ و لۆر و ژاژی دروستیان دەکرد.

پێشتر کە کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر لادێیی بوو، ئەوا لە دەشتی هەولێر و زوورگەکان، لە دەوروبەری شار و تا شارۆکە و گوندە دوورە دەست و زۆزانەکان، زۆرینەی خەڵک خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی بوون، هەڵبەتە ئەم کولتوورەی (بێر)کردنە و هەرەوەز و جۆماڵکردن و دروێنە و باقی کاروبارەکان هەبوون و زیاتریش بە زبارە و هەرەوەز ئەنجام دەدران، بەلام لەگەڵ ئەوەی بارودۆخەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و خەڵک بە چەندین هۆکارەوە، سیاسی و ئابووری و نائارامی و بێکاری و وێرانکردنی لادێ و گوندەکان لەلایەن رژێمەکانی عێراق، ناچار بوون روو بکەنە شارەکان، ئەوا لەو کار و پیشە و کولتوورانە دوور کەوتنەوە، تا گەیشتە رۆژگاری ئەمڕۆ کە دەبینین نەوەی ئێستا زیاتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تەکنەلۆژیا و لە رەسەنایەتی دوور کەوتۆتەوە.

هەرچی سەبارەت بە بێرکردن و شێوازەکەی و بێریوان لەناو ئەدەبی کوردیدایە، ئەوا شوێنی تایبەتی هەیە و رەنگی تیادا داوەتەوە، ئەوەتا شاعیری گەورەی کورد مام هێمن شیعری (شەنگەبێری) وەک شاکارێک نووسیوە و هونەرمەند حەمە جەزا بە دەنگە خۆشەوەک گوتوویەتیەوە، وەک چۆن (وەفایی)ی گەورە شاعیر شیعرە بەناوبانگەکەی (شیرین تەشی دەڕێسێ) ی نووسیوە و چەندین گۆرانیبێژی وەک ماملێ و خالقی و . گوتوویانەتەوە، هەروەها عوبەیدوڵا ئەیووبییان شیعری (بازی بێریان)ی نووسیوە، کە دواتر کۆمەڵێک گۆرانیبێژی دەنگخۆش بە شێوەی جیاجیا گوتوویانەتەوە، لەوانە هونەرمەندان (حەسەن زیرەک و محەمەدی ماملێ و مەزهەری خالقی و خوسرەوی ماملێ و حاجی عەبدوڵا بلووریان و (رهام سبحانی و حوسێن سەفامەنش- بە دووقۆڵی) و چەندینی تر.

ئەمەش شیعرەکەی بازی بێریانە:

بازی بێریان چڕ و کێوە
بێری دێن گوارەیان پێوە



فەرهەنگ غەفوور

تەشی دەڕێسن بەڕێوە
ڕادەبرن، دڵ دەبەن، بە غەمزەی چاوان
بە برژانگ کون دەکەن، جەرگ و هەناوان
بازی بێریان لە گەڕاوە
لەنێو گیا مەندووکیان خاوە
قیبلەی ئاواتە بۆ دڵان
بازی بێریان، دوورە دەستە
بێری دێن، دەستە بە دەستە
هەرچی ڕادەبرێ، چاو مەستە
بازی بێریان، دوورە دێیە
بێری دێن، شیرمەشکیان پێیە
خۆم ڕاوەستاوم لە سەر ڕێیە
یار گۆڵی خۆی چاوی لێیە

هەرچی سەبارەت بە تابلۆی شێوەکارییە بۆ ئەم بەرهەمە کولتوورییە کوردەوارییە، ئەوا بێگومان هونەرمەندانی پێشتر لە تابلۆکانیان ئەو شێوازەی بێر و بێریوانیان بەرجەستە کردووە، زۆر جار وا بووە کە لە پێشانگاکان تابلۆی بێریمان بەرچاو کەوتبێ، بەڵام ئێستا وەک گوتم کە کۆمەڵگەیەکە زیاتر رووی لە تەکنەلۆژیا و پیشەسازییە، هەڵبەتە کاریگەریی بەسەر هونەریشەوە داناوە و ئەوانیش بەلای قوتابخانە هونەرییەکانی ئەورووپا و دنیای دەرەوەدا دەچن.

وەک ئاماژەم پێداوە، لە ئەدەب و نووسیندا و هەمیش لە بواری هونەردا کەم تا زۆر ئەو پیشەوەری و کارە فۆلکلۆری و کولتوورییە کوردەوارییە رەسەنانە وەک کەرەستەی بەرهەمی ئەدەبی، یان هونەری بەکار هاتوون، بۆ روونکردنەوەی زیاتری وەڵام، دەبێ بچین دیوانی شاعیران و چیرۆک و نووسینەکانی ئەدیبانی کورد لەو مەیدانەدا هەڵدەینەوە، کە ئەوە لێرە کاری ئەم بابەتە نییە و کار و ماوەی زۆری دەوێت، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئاماژەیان بۆ کراوە و بەکار هێنراون.

تا چەند ساڵێک بەر لە ئیمڕۆ، کە هێشتا عەولەمە و تەکنەلۆژیا سەری نەکردبوو بەناو ماڵەکانمان و کۆمەڵگەکەماندا، ئەوا بابەتە کولتووری و فۆلکلۆری و رەسەنەکان لە تەواوی ژانرە ئەدەبییەکاندا بەکار دەهاتن، لە ناویشیاندا هونەرەکان بە گشتی، بەڵام لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکان خێرا روویاندا و تەوژمی عەولەمە و تەکنەلۆجیا لەپڕدا گەیشتە ناومان، زۆر لە داب و کولتوور و سیما رەسەنەکانیان کاڵ کردەوە و ئەگەر دامەزراوەی تایبەت بە فۆلکلۆر و کولتووری رەسەن فریای نەکەون و بارەکە راست نەکەنەوە، ئەوا نەوەی داهاتوو هیچ لە بارەی کولتوور و فۆلکلۆری باب و باپیرانی نازانێ و تەواو دەبێتە کۆیلەی تەکنەلۆژیا و دەرکەوتەکانی.

(بازی بێریان) و (شەنگەبێری) و (شیرین تەشی دەڕێسێ) و (کچان دەچنە مێرگوڵان) و دەیان شاکاری دیکەی ئەدەبی کە شاعیرانی گەورە نووسیویانە و گۆرانیبێژە رەسەن و میللییەکان بە جوانترین شێوە گوتوویانەتەوە و بە نەمرییان هێشتوونەتەوە، بەشێکیش بوون لە دەوڵەمەندکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکان. گومانم نییە کە لە ئەدەبی سەر زارەکی و بەند و پەند و باڵۆرەشدا شوێنی ئەو بابەتە رەسەنانە هەیە، بۆ نموونە گوتوویانە (مەڕ دۆشتن و قەزوان کرۆشتن نەگۆترایە)، واتە ناکرێ کابان کارێ بکا، یان شەنگەبێری بە دەستێ مەڕ بدۆشێ و بە دەستەکەی دیکە قەزوان بخاتە ناو دەمی، یان خەریکی شتێکی دیکە بێ، بە مانای هەر کارە و لە کاتی خۆی. هەڵبەتە پەند و ئیدیۆمی دیکەیش هەن کە ئەم تابلۆی بازی بێریانەیان بەرجەستە کردووە، بەڵام کات و سەلیقەی دەوێ و دەبێ بگەڕێینەوە سەر نووسراو و بەرهەمەکانی پێشوو، بۆ ئەوەی نموونەی لێ وەربگرینەوە.

## دلبەر و عەزیز
## لە کارێکی هاوبەشدا

دلبەر جزیری لە دەرەوەی وڵات دەستی بە کاری هونەری کردووەو سەرەڕای بچووکی تەمەنی توانیی لەو کارانەی پێشکەشی کردوون سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، دلبەر جزیری بە سەرکەوتوویی توانیی فۆلکلۆر و نوێگەرایی لە کارەکانی تێکەڵ بکات.
سەبارەت بە دوورکەوتنی و بڵاو نەکردنەوەی بەرهەمی نوێ : لە ئێستادا من ناتوانم بەرهەمێك بڵاو بکەمەوە و باوەڕ ناکەم هیچ هونەرمەندێکی دیکەش بتوانێت ئەمە کارە بکات ئەگەر بیەوێت ئەلبوومێك بڵاوبکاتەوە، من کار دەکەم پەیدا کردنی بژێوی ژیانیش لە ئەوروپا ئاسان نییە، ئەگەر بمەوێ ئەلبوومێك بڵاو بکەمەوە پێویستە چەند ساڵێك کار بکەم و خۆم ماندوو بکەم تا بتوانم کارێکی جوان پێشکەش بە جەماوەر بکەم، بۆیە منیش بڕیارمداوە وەک زۆربەی هونەرمەندانی دیکە کارەکانم بە شێوەی سنگڵ بڵاو بکەمەو و پێموایە بە هۆی ئەم بارودۆخەوە باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی هونەرمەند لە جەماوەر و هەوادارنی دوور نەکەوێتەو.
سەبارەت بە دوایین کاری خۆیشی دەڵێ: گۆرانییەکم بە دۆیتو لەگەڵ هونەرمەند عەزی وەیسی ئامادە کردووە و تۆمارمان کردووە وێنە گرتنی گۆرانییەکە لە ئەڵمانیا تەواو بووەو ئێستا لە قۆناخی مۆنتاژکردندایە، بڕیاریشە بەمزووانە بەشێوازی ڤیدیۆکلیپ بڵاوی دەکەینەوە ئەمەش یەکەمجارە دوێتێک لەگەڵ هونەرمەند عەزیز وەیسی تۆماردەکەم، [ه]یوادارم بە دڵی هەموو هەوادارانم بێت».



## ئاسکێک سەلمان خان دەخاتە زیندانەوە

دادگایەکی هیندی ئەستێرەی بۆڵیۆدی بە زیندانی کردن بۆ ماوەی ٥ ساڵا سزا دا ئەمەش بەهۆی کوشتنی بێ مۆڵەتی دوو ئاسکی دەگمەن کە بە ئاسکی رەش ناسراوە لە ساڵی ١٩٩٨ لە شوێنێکی پارێزراو کە کوشتنی ئاژەڵی تێدا قەدەغەیەلە هەمان کاتدا دادوەر بە راهاتوو لەسەر ئەنجامدانی تاوان وەسفی کرد، و چوار کەسی دیکە کە لەگەڵ سەلمان خان بوون ئازاد کران.
سەلمان خان لە لای خۆیەوە رایگەیاند کە تەقەی لەو دوو ئاسکە نەکردووە و پێشتریش لە چەند کەیسێك هاوشێوە بێ تاوان دەرچووە، چونکە لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٨و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بە هەمان شێوە تۆمەتبار کراوە و ماوەی نزیکەی بیست رۆژی لە بەندیخانە بەسەر بردووە، بەڵام دواتر ئازاد کراوە، هەرچەندە بە زیندانی کردن بۆ ماوەی ساڵێك تا پێنج ساڵ سزا درابوو، بەڵام دواتر بڕیاری بێ تاوانیی دەرچووە. ئەوەشی راگەیاند کە ئەوان ئاسکەکانیان نەکوشتووە، بەڵکو لە برسان مردبوون دواتر سەگەکان خواردبوویان، بەڵام ٢٨ کەس لە گوندنیشنانی نزیك رووداوەکە شایەدی ئەوەیان دا کە گوێیان لە دەنگی تەقە بووە، ئەمەش هەڵوێستی سەلمان خان لاوازتر دەکات.
ئاسکی رەش جۆرێکی دەگمەنە و هەڕەشەی لە ناوچوونی لەسەرە و بەپێی یاسای پاراستنی ژیانی وشکانی هیندی دەپارێزرێ ولەلای بەشێك لە هیندییەکان بە ئاژەڵێکی پیرۆز دادەنرێت بەتایبەتی کۆمەڵی بیشینۆی و هەر ئەو کۆمەڵە بووە هۆکاری وروژاندنی ئەم بابەتە و داوای سزادانی سەلمان خان و هاوڕێکانیان دەکرد، لە هەمان کاتدا بێ ئومێدیی خۆی دەربڕی لە ئازاد کردنی ئەو کەسانەی لەگەڵ سەلمان خان بوون.







# بزانن
# توم کروز چی
# ڕەتکردۆتەوە

توم کروزی ئەستێرەی هۆڵیوۆد بەوە ناسراوە کە لە فیلمەکانی لەگەڵ ئەو ئەکتەرانە بەشداری دەکات کە پێشتر ڕۆڵیان بە یەکەوە نەبینیبێت،ئەنابیل والیس ئەو خانمە ئەکتەرە بووە کە لە فیلمی (The Mummy) لەگەڵ توم بەشداریی کرد. فیلمەکە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا لە هەموو ڕوویەکەوە.

بەم دواییە لە چوارچێوەی بەرنامەی (Conan)،ئەنابیل نهێنییەکی سەیری دەربارەی کروز لە میانەی فیلمەکەدا ئاشکرا کرد، ئەم خانمە ئەکتەرە ڕایگەیاند لە کاتی تۆمار کردنی یەکێك لە دیمەنە ڕۆمانسییەکاندا کروز ڕازی نەبوو ماچی بکات، لەم بارەوە ئەنابیل وتی:ڕۆژێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ من، من چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە کروز ماچم بکات بۆ ئەوەی بە هاوڕێ و منداڵەکانی خۆمی بڵێم، بەڵام کاتێك گەیشتە شوێنی وێنەگرتن لە بەردەم ٩٠٠ کەس بە ڕاشکاوی پێی وتم: من نامەوێ ئەم دیمەنەی ماچەکەی تێدایە وێنە بگرین بێ ئەوەی هۆکارەکەی ئاشکرا بکات.

ئەنابیل زیاتر وتی: زۆرم لا سەیر بوو، چونکە کاتێك هاتە شوێنی وێنەگرتن وتی دەربارەی ماچەکە قسەت لەگەڵ بکەم، ڕاشکاوانە لە بەردەم ٩٠٠ کەس وتی: من ئارەزوم لە دیمەنی ماچ کردنەکە نییە بۆیە ئەو دیمەنە تۆمار ناکەین، ئەمەش بۆ من زۆر ناخۆش بوو، چونکە من سیناریۆکەم خوێندبۆوە و زۆریش حەزم دەکرد ئەم دیمەنە لە فیلمەکەدا هەبێت، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو منیش باسم لەگەڵی نەکرد، هەر لەسەر داخوازی توم کروز ئەو دیمەنە لابردرا هەرچەندە لە سیناریۆی فیلمەکەدا هەبوو، من و دەرهێنەریش بە باشی خۆمان بۆی ئامادە کردبوو.